# شەهید جەمال تاهیرو بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد

شەهید جەمال تاهیر جگە لەوەی هاوڕێی منداڵیم بوو لەساڵی 1960یشەوە وەکو تێکۆشەرێك لە ریزی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردا دەمناسی, لەیەکێتی قوتابیانی کوردستان پێکەوە خەباتمانکردووەو لەو ساوە وەکو مرۆڤێکی ژیرو هێمن و خۆشەویست لەناو هاوڕێیانیدا ناسرابوو, بەقسەی خۆش‌و لە خۆبووردنی ببووە هاورێیەکی گیانی بەگیانیمان.

دواتر چووە ناو ریزی پ.د.ك و لە رێکخستنەکانی یەکێتی مامۆستایاندا کاری دەکرد. بەبیرمدێ هاوینێکیان هەڵبژێردرا بۆ ئەوەی لەکاتی پشووی هاوینە بنێردرێتە ناو جوتیارانی گوندەکانی دەوروبەری سلێمانی تا تێکەڵی زەحمەتکێشانی لادێبێ‌و لە ساڵی 1971یش ئەندامی لیژنەی ناوچەی سلێمانی پارتی بوو, دواتر بووە لێپرسراوی رێکخراوی دەربەندیخان.

لەساڵی 1969ەوە لەیەکەم ئەڵقەی مارکسیی ناوبزوتنەوەی کوردا بەشداربوو, ئەوبەشداربوونەشی بەشێك بوو لەو قەناعەتەی کەلەلای مامۆستا جەمال هەبوو ئەویش بریتی بوو لەوەی کورد لەسەردەستی زەحمەتکێشاندا رزگاری دەبێ و رزگاربوونی کوردیش بریتیە لە هێنانەکایەی ژیان‌و گوزەرانێکی خۆش بۆ زەحمەتکێشان, دواتر لەیەکەم لیژنەی کۆمەڵەی مارکسی لینینی لە سلێمانی بەشدار بوو کە شەهید و کاك محەمەد سابیرو ئەشرەف شەرەف و من بووین.

شەهید مامۆستا جەمال باوەڕی زۆر پتەوی بەرێکخستنی ناوشار هەبوو, چالاکانە ئەرکەکانی رێکخستنی جێبەجێ دەکردو دەکرێ بڵێم یەکێك بوو لە قارەمانی رێکخستنەکانی ناوشار و بڕوای تەواویشی بەخۆی هەبوو کە بەرگەی هەموو ئازارو ئەشکەنجەیەك دەگرێ و هەر ئەوبڕوا پۆڵاینەشی بوو کە وایلێکرد دوای دووجار گیران, سەربەرزانە لە زیندان ئازاد بکرێ, بێئەوەی دوژمن هیچ سوودێکی لێوەربگرێ.

لەیەکێك لەوجارانەدا یەکێك لەو چڵکاوخۆرانەی کە پەیوەندییان بە مامۆستا جەمالەوە هەبوو خۆی بەدەست دوژمنەوە دابوو ئیعتیرافی کردبوو کە هیچی لەسەر نازانێ بەڵام ئازاد نەکرێ باشترە لەجاری دووەمیشیان دۆستێکی خۆمان بۆیگێراینەوە کە مولازم موحسینی تاوانبار وتبووی دەمەوێ بەدەستی خۆم ئەو موو زەردە بکوژم, مەبەستی مامۆستا جەمال بوو, چونکە شەهید پیاوێکی مووزەرد بوو, بۆیە شەوانە خۆی دەچوو بۆ ئەشکەنجە دانی لەئەمنی سلێمانی.

پاش ئازاد بوونی دووەمی, لە سەرکردایەتی ئاگادارکراینەوە کە پێویستە بۆ پاراستنی ژیانی بچێتە ریزی هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە ئەویش جوامێرانە فەرمانی رێکخستنی جێبەجێ کرد ولە کۆنفراسی دووەمی کۆمەڵە بە ئەندامی سەرکردایەتی دەرچوو.

وەکو چۆن لەژیانی رێکخستنی ناوشاردا چالاك‌و بەجەرگ و قارەمان بوو, لەژیانی پێشمەرگایەتیشدا هەر بەهەمان شێوە بووبووە خۆشەویست‌و هاوڕێی پێشمەرگەکان. ئەوەی پێویستیشە لەیادی ئەو تێکۆشەرەدا بوترێ ئەوەیە کە لەژیانی سیاسی‌و پێشمەرگایەتیدا هەمیشە دژی ((تکتل))و دەستەگەری بوو, هەمیشە راستگۆو قارەمان بوو, خۆشەویستی گەل بوو, جێی داخە ئەو قارەمانە لەکارەساتێکی دڵتەزێندا لە رۆژی 1983/7/14دا گیانی پاکی بە نیشتمان‌و بیرو باوەڕی سیاسی زەحمەتکێشان بەخشی‌و هەزار سڵاو لە گیانی پاکی مامۆستا جەمال‌و گشت شەهیدانی بزووتنەوەی رزگاریخوازیی گەلەکەمان.

عومەر فەتاح

⋆ ئەم نووسینە لە یادی تێپەڕبوونی (دە) ساڵ بەسەر شەهیدبوونی جەمال تاهیردا لە ژمارە (436)ی کوردستانی نوێ, لە رۆژی 1993/3/14دا بڵاوکراوەتەوەو کاك عومەر هەرهەمان نووسینی بۆ ناردووین‌و ئێمەش وەکو خۆی لەم کتێبەدا بڵاومانکردەوە .

Document Produced by deskPDF Unregistered :: http://www.docudesk.com